www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11-10-2006 9:16

# بیست و چوار نزای نیگار عەلی

نزای 1

ژیلەمۆی حەز

من زۆرت لێپاڕامەوە
تا لە خەیاڵە ئاسمانییە وەنەوشەییەکانی ئێستات
دەست بەردار بیت
ووتم بچۆرە ناو پێخەف
پێخەفی قرمزی و ئەرخەوانی
خەو ببینە
کە چاوەکانم بە پێنووسی خەڵوزی دڵت
بۆ دەڕێژیت
تۆ دەزانیت، ئا لەوکاتەی
کە دەرگای زیوینی ڕەشی
دڵمت بەکلیلی
نەهەماتی و خەم و حەسرەت کردەوە
ئەو کاتە من
سەرم خستە سەر ئامێزی
ئاڵتوونی ئەفسوناویت
تا بزانیت
کە خەونە سەرابییەکانت
ناخم هیلاک و هیلاک دەکەن
ئەو کاتانە
شەتاوی پڕ لە نازی غوربەت
مولولەی شادەماری هەستە پەمەییەکانمی
خستە ناو گوڵدانی
ئەوینی حەزە شێتەکانت
ئێتر حەزەکانی منیش
لە شەوێکی دەیجوردا
دەستیان کردە مل و گەردنی شووشەییت
تاوای لێهات
بولبولی ناخی بارانی سەوزم
کەوتە فڕین
بۆ نێو باخ و کێڵگەی حەزە سەر لێشێواوەکانت
دەسا تۆش جێم مە هێڵە
لەم غوربەتی بێ تۆییەدا
لەم بەهاری زەردی هەڵبزرکاوی بێ کۆتاییەدا

تا بتوانم سوجدە
بۆ پەیکەری دڵە بە بەرد بووەکەت ببەم
تا بۆ دوا جار نزا بکەم

نیگار عەلی... ئەڵمانیا... 3. 10. 2006
nigaral_24@freenet. de